**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٣٦٢٥ لە : ٢٦ /٩/ ٢٠١٨**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٣٩) لە ٢٠١٨/٨/٧ کە تایبەتە بە لێخۆشبوون لەو سزا و سوودانەی کەوتووتە ئەستۆی قەرزارانی کرێ و (بدل)ی موڵك و ماڵی دەوڵەت کە خاوەنداریەتیەکە بۆ (وەزارەتی دارایی و ئابووری) دەگەڕێتەوە ، بۆ ساڵانی پێشوو بە مەرجێك لەماوەی (٩٠) رۆژ تەواوی کرێ و (بدل)ی موڵك وماڵی دەوڵەت کە کەڵەکە بووە لە سەریان بدەن ، پاڵپشت بە بڕگەی (٢) لە بڕیاری سەرەوە ئەم رێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**رێنمایی ساڵی ٢٠١٨**

**رێنمایی تایبەت بە قەرزارانی کرێ و( بدل )ی موڵك و ماڵی دەوڵەت**

١- ئەم بڕیارە سەرجەم هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان دەگرێتەوە بۆ ئەو سزا و سوودانەی کە لەساڵانی پێشوو لەسەریان کەڵەکە بووە .

٢- ئەم بڕیارە بەرکار دەبێت بۆماوەی (٩٠) رۆژی کار دوای بڵاوبوونەوەی ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

٣- دوای کۆتایی هاتنی ئەم ماوەیە(٩٠ نەوەد رۆژی کار) لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم بڕیارە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان ناچاردەبن بە گرتنەبەری سەرجەم رێکارە یاساییەکان بۆ هەموو قەرزارانی موڵك و ماڵی دەوڵەت کە پابەندنەبوون بە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە ، بەپێچەوانە لە ژێر رۆشنایی( قانون تحصیل الدیون الحکومیة ) ژمارە(٥٦) ساڵی ١٩٧٧ هەموارکراو مامەڵە دەکرێت .

**رێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**